# لەناو ئیسلامدا ژن بکرێتە پێغەمبەریش
# لە ئەسڵی دژەژنبوونی ناگۆڕێ!

*(قسەیەک دەربارەی بوونی ژنێک بە ئەندامی شورای بزووتنەوەی ئیسلامی)*

حەمەغەفور
hamaxafoer@yahoo.com

بەپێی هەواڵێک کە ئەمڕۆ ماڵپەڕی (کوردستان نیوز) بڵاویکردۆتەوە، لە دواکۆبوونەوەی شورای ناوەندی بزووتنەوەی ئیسلامیدا (مونیرە عەلی) کچی مەلا عەلی عەبدلعەزیز کە سکرتێری ڕێکخراوی "پەیوەندی ئیسلامی خوشکانە" کراوەتە ئەندامی شورای ئەو حیزبە. مونیرە عەلی لەمبارەوە ووتوویەتی؛ "ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی کاروباری خوشکان بەرەوپێشبچێ". دانانی مونیرە لەو جێگایەدا یەکەمین مێینەیە کە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا پۆستی سەرکردایەتی ئەو حیزبەی وەرگرتبێت.

بەداخەوە لە جیهانی نیفاقو دووڕوویی ئەم سەردەمەدا، لە دنیایەکدا کە هەموو باڵەکانی بۆرژوازی، هەر لە ناسیونالیستو خاکپەرستەوە بگرە تا دەگا بە ئیسلامی سیاسی بە هەموو ئاراستەکانییەوە، لەمسەری ڕۆشنبیرانی نیودیموکراتو پۆستمۆدێرنیستو لیبراڵییانەوە تا ئەوپەڕی بیربەستەڵەکی فاشیستو نەتەوەپەرستی ڕەنگاوڕەنگی ناوچەکەو دەوڵەتەکانیان، هەر هەموویان یەکدەفعەو ڕاستەوخۆ سەرقاڵی خۆڵپژاندنن بەچاوی خەڵکو جەماوەرداو ڕاستییەکانیان لێ چەواشەدەکەن! بۆشو بلێرو هاوڕێکانیان لەژێر درۆی بوونی چەکی کۆکوژو بەرقەرارکردنی دیموکراسیدا، کۆمەڵگای عێراقیان تلاندە ناو دۆزەخی جەگو کوشتارو ئاوارەییەوە. دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل سەروەری "جوولەکە"ی مەرهوون نیشانداوە بە بێدەوڵەتیو سەرگەردانیو کوشتاری بێکۆتایی خەڵکی مەزلومی فەلەستینەوە. حیزبوڵڵای لوبنانو حەماسی فەلەستینی عەزەمەتی عەرەبیان گرێداوە بە تەحمیقی گەنجانی ئەو وولاتانەوە بۆ گەرمراگرتنی پرۆژەی خۆکوژی لەدژی ئیسرائیل. ناسیونالیزمی کوردیش شازدە ساڵە بە پەیرەوکردنی سیاسەتی قەومپەرستییەوە فیدراڵییەکی پووچو بێبایەخ لەچوارچێوەی عێراقدا بە باشترو بەکەڵکترو موهمتر لە سەروەریو سەربەخۆیی کوردستان دەرخواردی خەڵکی ستەمدیدەی ئەم وولاتە ئەدات. هەر بۆیە بزووتنەوەی ئیسلامیو هاوڕێکانیشیان لە کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتووی ئیسلامیو تەنانەت باڵە یاخییەکانی لەجۆری کەتیبەو دەستەو تاقمە چەقۆکێشەکانی ئەنسار ئیسلامو ئەلقاعیدەش دەتوانن‌و جورئەتدەکەن باس لە "جێگاو مەقامی عالی" ژنان بکەن لەناو ئیسلام یا لەناو ڕیزەکانی ئەواندا!

پەروەندەی دزێوو دژە ئینسانیو دژ بە ژنی ئیسلامی سیاسی هێند ڕەشو دیارو بەرچاوە، هەر باڵێکی ئیسلامی سیاسی ڕوویەکی ئێجگار قایمی دەوێ باسی بەرزکردنەوەی ژنێک بکات بۆ سەرکردایەتی حیزبەکەی. ژن لە ئایدیاڵی ئیسلامداو بەگوێرەی دەقی قورعان "شەیتانی لەناو ڕەحمیدا هەڵگرتووە بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی!" بۆیە شایەنی ئەوە نییە ڕووی دەرکەوێو هەمیشە دەبێ لەژێر دەستو چەپۆکی نێرینەدا بمێنێتەوە! ژن لە ئیسلامدا وەزیفەی بەتاڵکردنەوەی هەوەسبازی پیاوانەو بەس. بۆیە دەبێ هەمیشە لارەملو گوێڕایەڵو چاولەبەری پیاوبێ. لە چارشێوەو جبەو مەقنەعەو عەباوە

پلەی نایەکسانی ژن لەگەڵ پیاودا بەڕوونی دیارە. ڕەشەکوژی ژنانی کوردستانو سەنگسارکردنی ژنانی ئێران لەلایەن جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانەوە بەڵگەی بێئەملاولان بۆ دڕندەیی ئیسلامی سیاسیو حیزبەکانی.

بزووتنەوەی تیرۆریستی ئیسلامیش کە بە ئیفتیخارەوە لە ئاوایی (خێڵی حەمەی شارەزوور) 47 پیشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیان سەربڕیو خەڵکی بەشەرەفی هەڵەبجەو هەورامان شاهیدی دڕندەییو چەپەڵی بەرنامەو سیاسەتەکانیان بوون، ئەم بزووتنەوەی ئیسلامییە خەریک بوو هەڵەبجەو هەورامان بکاتە ئەفغانستانو کارنامەی تاڵیبانی تیادووبارەکاتەوە، ئێستا بەنیازە بەم هەنگاوەی خەڵکی کوردستان چەواشەکاو دوای ئەوەی حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکانی کوردستان دەستیانخستۆتە ژێربالیان، جارێکیتر بێتەوە مەیدانی سیاسی. بەڵام ئەمجارە بە ڕەوانەکردنی سکرتێری "پەیوەندی ئیسلامی خوشکان" بۆ ناو سەرکردایەتییەکەی ئابڕوویەک بۆ خۆی بکڕێتەوەو خۆی بێبەریکات لە کارنامەی ڕەشیان لە پشتی فتواو چالاکی ڕەشەکوژی ژنانی کوردستانەوە بەدرێژایی ئەم شازدە ساڵەی ڕابرد! بەڵام خەڵکی کوردستان مێژووی پیسو کارنامەی دژی ژنو دژە ئینسانیو دژی هەر ڕەنگوبۆیەکی شارستانی ئەم حیزبەیان لەیاد ناچێو هەروا لەژێر نەفرەتی جەماوەرایاندا ڕایاندەگرنو هەمیشە وەکو ڕەمزی وەحشییەت لەدژی ژنان تەماشایان دەکەن.

2007/11/11